کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# یەکگرتووی ئیسلامی لە نێوان حەقیقەت و دەمامکدا

علی کوردستانی
alikurdustani@yahoo.com

کە بیستم یەکگرتووی ئیسلامی دەستەیەکیان پیکهێناوە لەگەڵ کۆمەڵێ لە پارتە عێراقیەکان وەک ویفاقی وەطنی و حیزبی ئیسلامی عیراقی و کۆنە بەعسیەکان بە پێچەوانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کوردیەکان من هیچ سەرم نەسورما و زۆر با ئاسایی وەرمگرت، ئەوەی شارەزای مێژووی بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسیەکانی سەدەی بیستەم بێ ئەو بابەتە زۆر با سانایی و سروشتی وەرئەگرێ، وە مێژووی ئیخوان موسلمین پڕە لەو وەها ڕووداوانە.

ئەو ڕۆژەی یەکگرتوو بەرەیەکیان دروستکرد لەگەڵ ئەو عەرەبە شۆڤینیانەدا (( کە زۆرێکیان دەستیان سورە بە خۆینی کورد و گەلانی عێراق)) ئەوە ئەو ساتە بوو کە یەکگرتوو دەمامکی خۆی فڕێدا و بە ڕوخسارە حەقیقیەکەی خۆی دەرکەوت، ئەو ڕوخسارەی کە بڕوای بە یەکگرتن و پەیمانبەستن هەیە لەگەڵ هەر گروپ و ڕێکخراوێکدا بێت بەمەرجێ کورسیەکانی پەرلەمانیان بۆ زیاتر بکا و کورسیەکانیان بپارێزێ، بێ گوێدانە ئامانجە نەتەواییەتیەکان و کار کردن بۆ گەشتن بە چارەسەر بۆ پرۆژە نەتەوەییەکان.

زۆرم لا سەیرە کە خەڵکی پێیان سەیرە یەکگرتوو دەستی خستوەتە ناو دەستی کۆنە بەعسی، ئەوەی یەکگرتوو بناسی لای سەیر نابێ، لە چەند روویەکەوە:

1- لە رووی فیکریەوە یەکگرتوو ئیستیرادی دەرەوەیە و زادەی ناو خاکی کوردستان نییە. یەکگرتوو بەردەوامی ئەزموونی ئیخوان موسلمینە، کە حەسەن بەننا لە ساڵی 1928 لە میسر داینا، دواتر زۆرێک لە بزوتنەوە ڕادیکاڵەکانی جیهانی ئیسلامی لەنێو ووتارەکانی بەننا و نوسراوەکانی سەید قوتبەوە دروستبوون. من دژی هێنانە ناوەوەی فیکرەی دەرەوە نیم، بەلام چ فیکرەیەک؟ فیکرەیەک و دنیابینیەک کە ئێستا جیهانی ئیسلامی هەمووی تێکڕا بەگشتی باجی ئەو فیکرەیە، خوێن ڕشتنی جیهانی ئیسلامی و تیرۆر و تەواوی ئەو بەڵاو

نەگەبەتیانەی کەلەو ناوچەیەدا هەیە بە ئەستۆی ئیخوان موسلمینە وزۆربەی گروپە ئیسلامیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەرهاویشتەی ئەون.

2- لەڕووی خەباتەوە یەکگرتووی ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک ئەزموونی خەباتی نییە دژ بە حکومەتە تۆتالیتارە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق (( ئەوەمان بیر نەچێ ئیخوان موسلمین وەک کۆمەڵێکی سیاسی لە نیوەی پەنجاکانەوە ئامادەییان هەبووە)). هەرچی ساڵی هەشتاکانیشە(( کە یەکگرتوو وەک بزوتنەوەیەکی ژێربەژێر لە مزگەوتەکاندا کاری ئیسلامی سیاسی ئەکرد)) ئەوان هیچ دژایەتیەکیان دژ بە حکومەتی بەعس نەکردووە، بە پێچەوانەوە، ئەو سەردەمە گەنجانی خۆێن گەرمیان ساردئەکردەوە لە خەباتی شاخ و لەبری ئەوە مێشکی گەنجانیان بەنج ئەکرد بە نوسراوەکانی بەننا و قوتبەوە.

3- لەڕووی ئایینی ئیسلامیشەوە، یەکگرتوو ئەوەنەی بە حیزبێکی عیلمانی سەقەت ئەچێ لە حیزبی ئیسلامی ناچێ (( عیلمانی نەک با مانا دروست و ڕاستەکەی، بەو مانایە مەبەستمە  کە لەو حیزبانە ئەچێ کە لەسەر ساحەی سیاسی کوردیدا ئامادەییان هەیە)). تائێستا یەکگرتوو هیچ خزمەتێکی بە پرۆژە ئیسلامییەکان نەکردوە، بە پێچەوانەوە پرۆژە ئیسلامیەکان ئەوانیش بە جۆریکی تر گرفتاری دەستی یەکگرتوو و سیاسەتەکانی یەکگرتوون، هەر ئەمەیە بووەتە هۆی ئەوەی هەندێک لە گروپە ئیسلامییەکان حاشا بکەن لە ئیسلامەتی یەکگرتوو. لە کۆتایشدا ئەو مۆدیلەی کە یەکگرتوو داوای ئەکات بۆ حوکمی ئیسلامی هیچ ڕوون نییە نە بۆ بەرامبەرەکەشی نە بۆ شۆینکەوتوانیشی. بۆیە سەرەئەنجام گەر لە جوانترین شێوەشدا بگاتە مەبەست هەمان مۆدیلی عەدالەتی تورکیا دووبارە ئەکاتەوە کە وابزانم هەتا ئێستاش بەدەر لە پرۆژە سیایەکانی خودی عەدالەت هیچ جۆرە خزمەتێکیان بە پرۆژە ئیسلامیەکانیان نەکردووە. لێرەوە چەواشەکاریەکانی یەکگرتوو دەرئەکەوێ کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەیەوێ لەژێر دەمامکی ئیسلامەوە بەرژەوەندیە حیزبییەکانی خۆیان بپارێزن. هاوکات دوو مەبەست ئەکەن بە قوربانی خۆیان ، یەکەم نەتەوە، دووەم ئایین.

ئەمەوێ بچمەوە سەر پەشیمانییەکەی یەکگرتوو..
ئەمەوێ بزانم ئایا یەکگرتوو پەشیمانی لە چی و بۆ کێ دەرئەبڕێ؟؟؟ کاتێ کە بە نوسراوێ ڕاپئەگەیەنێ کە لەوبەرەیە کشاوەتەوە، ئایا ئەوە بەسە؟؟؟ ئایا پەشیمانی خۆی لە خۆیا بریتی نییە لە داننان بەهەڵەیەکدا، وە ئایا هەموو هەڵەیەکیش نابێ داوای لێبوردن بکرێت؟؟؟ ئەگەر یەکگرتوو هەڵەی کردوە کەواتە بەرامبەر بە کێ هەڵەی کردووە؟؟؟ بەرامبەر بە دەسەڵاتی پارتی ویەکێتی یان بەرامبەر بە موقەدەساتی کوردی؟؟؟ ئایا یەکیتی و پارتی مافی لێخۆشبوونیان هەیە؟؟. من پێم وایە کە یەکگرتوو بەرامبەر بە تەواوی خەڵکی کوردستان هەڵەی کردوە، وە پێویستە داوای لێبوردن بکا لە گەلی کوردیش. ئەوە گەلی کوردە ئەبێ یەکگرتوو ببەخشێ لەو دەستخستنە ناو دەستی کۆنە بەعسیانە نەک پارتی و یەکێتی.

یەکگرتوو ئەمڕۆ ئەبێ داوای لیبوردن بکا لە خۆێنی شەهیدان (( ئەو شەهیدانەی کە ئەوان بە هیچ شێوەیەک خاوەنی تەنها یەک شەهیدیان نین)).

یەکگرتوو ئەبێ داوای لێبوردن بکا لە خاکی کوردستان، ئەو خاکەی کە ئەوان تەنها فیشەکێکیان بۆ نەتەقاندوە، نەک هەر ئەوە بەڵکوو هەر لە پرۆگرامەکەشیاندا جۆریک لە گاڵتەکردن هەیە بە چەکی شەرەفی خەبات بۆ خاکی کوردان.

یەکگرتوو ئەبێ داوای لێبوردن بکا لەو خەڵکە چەواشەکراوانەی کە ساڵانێکە ئەوان چەواشەی ئەکەن بەناوی پاراستنی دینی ئیسلام و هێنانەوەی ئایینی ئیسلام بۆ سەر ساحەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری (( وابزانم ئێستا خەڵکی باش لەوە ئەگەن کە دووری نێوان ئیسلام و یەکگرتوو وەک دووری نێوان ئاسمان و ڕێسمانە)).

برایانی یەکگرتوو ئەبێ داوای لێبوردن لە برایانی حیزبی ئیسلامی عێراقی و ویفاقی وەطنی و کۆنە بەعسیەکان بکەن سەبارەت بەو پەیمانەی کە دابوویان و ئەمان پەشیمان بوونەوە لێی، ئەوەتان بیر چوو ئەی برایانی موسڵمان کە خوا ئەفەرمووێ (( واوفوا بالعهود، ان العهد كان مسؤلا))، ئەدی براکانم چۆن پەشیمان بوونەوە؟؟ یان دین بە دەستی خۆتانە و ئەمەشتان بردوەتە ریزی

گۆڕاووەکان(موتەغەیرات). بەڕاستی برایانم دین لاسیکێکی باشە چۆنتان ئەوێ وا یاری پێئەکەن.

جا ئەگەر دین بەو شێوەیە بە ئارەزووی خۆتان گەمەی پێبکەن، ئیتر چۆن پێناسەی دین ئەکەن؟ دین کە هەمووی بوو بە موتەغەیرات ئیتر ماهیەتی دینی خۆی وون ئەکات.

خۆ ئەگەر حیزبێکی ئیسلامی لەسەر لاینێکی سیاسی ئیش بکا،وە ئەو لاینەشی بە مەتەغەیرات ناوزەد کردبێت، ئەو کاتە ئەبێت تەواوی بڕیارو بۆچونەکانی لە مێشکی خۆیانەوە هەڵهێنجرابێت، بە مانایەکی تر ئەبێت بارودۆخەکان لێکبدریتەوە چونکە دینەکە یان پێشوەخت بەو قۆناغەی نەزانییوە یان بۆ ئەو قۆناغە نەهاتووە، لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەو حیزبە بە هەڵە ئەو ناوی دینە هەڵئەگرێ چونکە لەسەر لاینێک کار ئەکا کە دین هیچ تێکستێکی پێشوەختی نییە، وە لەبەر ئەوەی کە هیچ تێکستێک نییە تا کاری لەسەر بکرێ ئەو کاتە بەکارهێنانی ناوی دین تەنها بریتی ئەبێت لە ئامرازێک بۆ چەواشەکاری و بەس.

لە کۆتاییدا ئەوە ئەڵێم رۆژێک یەت دەمامکەکان نامێنن ئەو ڕۆژە ڕووە ڕەشەکان دەرئەکەون.

2007-06-07